# بڕکەیەک لە کۆمەڵناسی هۆنەر

بە کەڵکوەرگرتن لە: کۆمەڵناسی هۆنەر نووسراوی ئارنۆڵد هاوزر
تەیفور

## دەورانی فیلم

سەدەی بیستەم دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، یانێ لە ساڵەکانی بیست بەولاوە، دەست پێدەکا. هەروەک سەدەی نۆزدەش هەتا ١٨٣٠دەستی پێ نەکردبوو. بەڵام لێرە، شەڕ تەنها نوختەگۆڕانێکە کە هەلی بۆ هەڵبژاردن لە نێوان ئیمکانەکاندا رەخساند. پێشینیانی هەر سێ رەوتی هۆنەری سەدەی نوێ لە دەورەی پێشوودا هاتبوونە مەیدانەوە. کوبیسم درێژەدەری سێزان و نئوکلاسیکەکانە. ئێکسپێرسیۆنیسم درێژەی وان گۆگ و ئێسرتینبرگە و سورڕیالیسم لە رێمبۆ و لوترەئامۆندا دەبیندرێن. رەوتی هەنەری لە زۆر بارەوە گرێدراوی رەوتی مێژوویی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە. "زۆمبارت" تەمەنی لووتکەی سەرمایەداری بە سەدوپەنجا ساڵ دیاری دەکا و کۆتایی مێژووەکەی بە دەست پێکردنی شەڕ دادەنێ. ئەو سیستەمی کارتێل و تراستەکانی ساڵەکانی ١٨٩٥ هەتا ١٩١٤ وەکوو دیاردەی بەساڵداچوون و نیشانەی قەیرانیک کە بەڕێوەیە, لێک دەداتەوە. بەڵام لە دەوروبەری ١٩١٤دا تەنیا سوسیالیستەکانن کە باسی لەناوچوونی سەرمایەداری دەکەن.

بێگومان کۆڕەکانی بورژوازی لە مەترسی سوسیالیسم ئاگادارن، بەڵام نە باوەڕیان بە دژلەگەڵەکانی دەروونی ئابووری سەرمایەداری هەیە و نە بە خەیاڵیاندا دێ کە نەتوانن ئەو قەیرانە جارجاریە, چارەسەر بکەن. لەم کۆڕو کۆمەڵانەدا باسی ئەو قەیرانەی کە بەرۆکی سیستەمی گرتووە، ناکرێ.

ئەم شێوە بیرکردنەوە لەساڵەکانی پاش شەڕیشدا بەگشتی بەردەوامە و هەلومەرجی گشتی بورژوازی، جگە لە توێژی خوارەوەی وردەبورژوازی کە دەبووا لەگەڵ هەلومەرجی نالەباردا مشت ومڕ بکا، بە هیچ جۆرێک نائومێدانە نییە. قەیرانی راستەقینە لە ساڵی ١٩٢٩دا بە کەسادی بازاڕ و دابەزینی ئابووری، لە ئامریکاوە دەست پێدەکا و کۆتایی بە دەورانی پڕشنگداری دوای شەڕ دێنێ و بێبەرنامەیی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی جیهانی بەرهەم، ئاشکرا دەکا. ئێستا ئێتر خەڵک لە هەموو شوێنێک باسی قەیرانی سەرمایەداری، تێکشکانی ئابووری ئازاد و کۆمەڵی لیبراڵ و باسی مەترسی شۆڕشێک دەکەن, کە بەڕێوەیە. مێژووی ساڵەکانی ٣٠, مێژووی دەورەیەک لە رەخنەی کۆمەڵایەتی، ریالیسم و کردەوە دۆستییە. شۆڕشگێڕانە بوونی رەوتە سیاسییەکان و بڵاوبوونەوەی رۆژ بە رۆژ زیاتری ئەم باوەڕەیە کە تەنیا چارەیەکی بنەڕەتی هەیە و هیچیتر. بە گوتەیەکیتر، رۆژی حێزبە لیبراڵەکان لە خۆرئاوابووندایە، بەڵام پێزانین بەو قەیرانەی کە بەرۆکی شێوەژیانی بورژوازی گرتووە، لە نێو خۆیاندا لە هەموو جێگایەکی دیکە زیاترە. لە هیچ کوێ باسی کۆتایی هاتنی بورژوازی ئەوەندە گەرم نییە کە لە لای خۆیان. فاشیزم و بلشویسم هەردووکیان لەوەدا هاو قەوڵن کە بورژوازی کەلاکێکی زیندوە و هەردووکیان بە توندی و نائاشتیخوزانە هێرش بۆ لیبراڵیسم و پارلمانتاریسم دەبەن. چینی رووناکبیر بەگشتی پشتیوانی لە دیکتاتۆری دەکا و داواکاری نەزم و دیسیپلینە. داوای کەلیسایەکی نوێ، مەکتەبی نوێ و سیستەمی بیزانسی تازە دەکات.

سەرنجڕاکێش بوونی فاشیزم بۆ توێژی نووسەرانی کەیل و بێ وزە، کە ژیاندۆستی نیچە و برگسۆن گێژ و سەرلێشێواوی کردوون، لەوەدایە کە ئەوان لە بایەخە هەتاهەتایی و بێ ئەملاوئەولاکان

دەدوێن. ئەوان هیوادارن بەم شێوە بتوانن شان لە ژێر باری بەرپرسایەتی عەقل لادەن. لە هەمان کاتدا هیوادارن بە یارمەتی کۆمۆنیسم لەگەڵ توێژەکانی بەرفراوانی خەڵکدا پێوەندی بگرن و لە تەنیایی رزگارییان بێت.

لە هەلومەرجی بەم ڕادە نادیار و لەرزۆکدا، ووتەبێژانی بورژوازی لیبراڵ باشترین کاریان ئەوەیە کە ئاماژە بە تایبەتییە هاوبەشەکانی کۆمۆنیزم و فاشیزم بکەن و بە یەکیان ئەوی دیکەیان بێ بایەخ بکەن. ئەم ووتەبێژانە بە ریالیسمی بێ گرێبەست و دوور لە وەسواس دەگەن کە تایبەتیی هەردوویانە. لە دەزگای "تەکنیک سالاری" هەردووکیاندا هاوبەشییەک دەبینن کە شێوەی رێکخستن و دەسەڵاتەکەیانە. ئەوان بە ئەنقەست جیاوازی ئایدۆلۆژی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە لەبیر دەکەن و نێویان لێ ناون "بەرپرسە سیاسییەکان، کارناسە حێزبییەکان و ئەندازیارەکانی "ماتۆڕی کۆمەڵ". بێ گومان رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەر تەنیا لە روانگەی تەکنیکەوە لێیان بڕوانین، وێکچوونیان هەیە و تەنانەت دەتوانین زۆر شتی وەکوو یەک لە دوو سیستەمی جیاواز وەکوو ئەمریکا و سۆڤیەتیشدا ببینینەوە.

ئەورۆ هیچ دەوڵەتێک بە بێ "مودیرەکان"ی ناتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات. هەروا کە پسپۆڕەکانی تێکنۆلۆژی کارگەی خۆیان بەڕێوە دەبەن و نووسەران و شێوەکاران بۆ خەڵک دەنووسن و شێوە دەکێشن، بەرپرسەکانیش بە نوێنەرایەتی خەڵکێک دەسەڵاتی خۆیان دابین دەکەن. پرسیار هەموو کاتێک ئەوەیە: ئەم دەسەڵاتە مافی چ کەسانێک دابین دەکا؟ ئەورۆ هیچ دەسەڵاتدارێک لە دنیادا ناوێرێ بڵێ مافی خەڵک لەبەرچاو ناگرێ. لەم روانگەوە لە راستیدا ئێمە لە کۆمەڵێکی دیمۆکراسی خەڵکیدا دەژین. هەر چۆنێک بێ، ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵک کارتێکەرییان لە ژیانی سیاسیدا هەیە. تا ئەو رادەیە کە ئەوانەی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن رەنجێکی زۆر دەکێشن کە بتوانن خەڵک فریو بدەن.

لە فەلسەفەی کولتوری ئەم سەدەدا هیچ شتێک سەیرتر لەو هەوڵە نییە کە دەیەوێ راپەڕینی خەڵک بە هۆی لەناوچوونی کولتوری نوێ بزانێ و بیکاتە بەرپرسی ئەو هێرشە کە دەکرێتە سەر هۆش و گیانی. رخنەگرانی توندبێژ لە لایێکەوە دژی "پۆزیتیویسم" و لە لایەکی دیکەوە دژی سەرمایەدارین، بەڵام دابەشکردنی رووناکبیران بە دوو ئۆردوگای جیاوازەوە هەتا ساڵەکانی ٣٠، زۆر ناتەواوە. زۆربەی ئەو رووناکبیرانە، ئاگا و نائاگا، کۆنەپەرستن و لەژێر کاریگەری بیری ئەفسوناوی برگسۆن، بارە، شارل مورا، شپنگلر و ئەوانی دیکە دان کە رێگا بۆ فاشیزم خۆش دەکەن. "سەدەکانی نێوەڕاستی نوێ" "دنیای تازەی مەسیحیەت" و "ئۆروپای تازە" هەموو سەرزەوینە کۆنە رۆمانتیکە دژ بە شۆڕشەکانن. و سەرەتای دژایەتییەکی بەربڵاون دژی رووناکبیریی کۆمەڵدۆستانە و دیمۆکرات.

لە دەورەی دێمۆکراسی خەڵکدا بە نێوی جەماوەرەوە داخوازی وەها دەکرێ کە رێگا بە هیتلر دەدا فێڵی 'سەروەری" قەومەکەی بهێنێتە کایەوە.

لەبەرانبەرکێ رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، یەکەمیان وەکوو نموونەی نەزم و جێکەوتوویی و شۆڕش و عەقڵانییەت و ئەوی دیکەشیان بە پێچەوانەی هەموو ئەمانە باسی لێدەکرێ و باری ئەم دووبەرەکییەش بەکۆڵی خەڵکەوەیە. رۆژگارێک داستایۆڤسکی و برایانی کارامزۆف وەکوو ئەدەبی ئاسیایی چاوی لێ نەدەکرا، بەڵکوو نوێنەرانی مەسیحییەتێکی بێ خەوش بوون کە بەچاوی رۆژئاوادا دەدرا. بەڵام ئەوە ئەودەم بوو کە هێشتا تزار دەسەڵاتداری روسیە بوو. خاچپەرستەکانی تازە باوەڕیان بەوە نەبوو کە دەکرێ رۆژئاوا رزگار بکرێ. ئەوان لەگۆڕکردنی شارستانییەتی رۆژئاوا و هیوا سیاسییەکانیان قوبوڵ کردبوو.



وان گۆگ (ئیمپێرسیونیسم)

جووڵانەوەی دواکەوتوویی گەورەی ئەم سەدە لە بواری هۆنەردا خۆی لە لادانی ئیمپرسیۆنیزمدا دەنوێنێ. راستە کە هەموو کاتێک لە نێوان "فۆرمالیزم" و دژی فۆرمالیزمدا کێشەی، بەرەو پێش و پاش، هەبووە، بەڵام لە سەدەکانی نێوەڕاستەوە هەتا ئەم سەدە، بە ئەمەک بوون بۆ سروشت گومانی لێی نەدەکرا. لەم بوارەدا ئیمپرسیونیزم سەرلوتکە و تەواوکەری رەوتێکی چوارسەد ساڵە بوو. هۆنەری پاش ئیمپرسیونیزم یەکەم هۆنەرە کە بیری راست بوونی فرێ دەدا و روانگەی خۆی بۆ ژیان بەتیکدانی بەئەنقەستی شتە سروشتییەکان دەنوێنێ. کوبیسم, فوتۆریزم، ئێکسپێرسیۆنیزم، دادائیسم، سورریالیزم، هەموویان پشت لە ئیمپرسیونیزمی گرێدراو بە سروشتەوە دەکەن.

دیارە ئیمپرسیونیزم گرێدراویی رۆحی بە سروشتەوە نوبوو، بۆ خۆی رێگاخۆشکەری ئەم گۆڕانکارییە بوو.

هۆنەری پاش ئیمپرسیونیزم ئیتر چێ کردنەوەی سروشت نییە، بەڵکوو چێکردنی جۆرێک ناتورالیزمی جادووییە. ئەوەی پێکی دێنێ هاوشانی سروشتنو نایانەوێ جێگای شتە سروشتییەکان بگرنەوە. کاتێک لەگەڵ بەرهەمەکانی پیکاسۆ، براک، شاگاڵ و سالوادۆر دالی بەرەوروو دەبین، هەست دەکەین سەرەڕای جیاوازییەک کە هەیانە، لە دنیایێکی دیکە داین. گەرچی نیشانەی شتە ئاساییەکانیان تێیدا کەم نییە، بەڵام لە هەستی راست بوون تێدەپەرێ و لەگەڵی ناسازە.



وان گۆگ (ئیمپێرسیونیسم)

هونەری نوێ بەشێوەیێکی دیکەش دژی ئیمپرسیونیزمە: هۆنەرێکی لە بنەچینەوە "ناشیرین"ە و سەرنجی خۆش ئاوایی و جوانی رەنگ و دڵرفێنی ئیمپرسیونیزمی نادا. لە شێوەکاریدا بایەخە وێنەییەکان، لە شێعردا رێکوپێکی و لە موزیکدا ئاهەنگە خۆشەکان لەنێو دەبا و بە دڵەڕاوکێیەوە لێیان دووردەکەوێتەوە. ###
دژایەتی لەگەڵ رۆمانتیسیسمدا، بۆ نموونە دبووسی، ستراوینسکی و شوینبرگ و... زۆر توندە و پێوەندی خۆی لەگەڵ موزیکی هەستیاری سەدەی نۆزدەدا دەپچڕێ. هۆنەرمەند دەیەوێ بە

پێڕەوکردنی عەقل شێوەکاری بکا، بنووسێ و ئاهەنگ دابنێ، نەک لە شوێنی هەستەکان بکەوێ. دوورکەوتنەوە لە جوانکاری خۆپەسندانە و راباوردنانەی ئیمپرسیونیزم دەبێتە سەرچاوەی ئەو تاریکی و خەمباری و ئەشکەنجەیە کە لە کارەکانی پیکاسۆ، کافکا و جویس دا دەبیندرێ. تا ئەو رادەیە کە هونەرمەند نایەوێ لە کەرستەکانی پێشوو کەڵک وەرگرێ. ریمبۆ زمانی دەستکرد بۆ خۆی دادەنێ، شوینبرگ دەزگای "دوازدە دانگ" دروست دەکا و سەبارەت بە پیکاسۆش بە حەق کوتراوە کە هەر تابلۆیەکی وەها دەکێشێ کە دەڵێی دەیەوێ سەرلەنوێ هونەری شێوەکاری دابین بکاتەوە.####


سالوادۆر دالی (سورریالیسم)

ئەم دابڕان لە شێوە و کەرەسەی باوی سەدەی نۆزدەیە بە دادائیزم دەست پێدەکا کە دیاردەی کاتی شەڕ و رەخنەیە لەو شارستانییەتە کە بووەتە هۆی شەڕ. دادائیزم وەکوو سورریالیزم، کە لەم بارەوە بەتەواوی لەیەک دەچن، هەوڵێکە بۆ راست و بێ گرێ و پێچ و پەنا دەربڕین و لەبنەڕەتەوە جووڵانەوەیەکی رۆمانتیکە. ئامانجی ئەم مشت و مڕە کە ئامرازەکەی "شێوە"یە لادانی تاقیکردنەوەیە.
دەزانین کە گۆتە ئاگای لێی بوو، لەبەر ئەوەشە بە پشتگری شۆڕشی رۆمانتیسم دەژمێردرێ. لە رۆمانتیسیزم بەملاوە تەنیا پێکدادانێک کە لە ئەدەبدا هەبووە دژایەتی لەگەڵ سوننەت و گرێبەستە کۆنەکان بووە.
سەدەی نۆزدە هەوڵ درا هاوتایی لە نێوان کۆن و تازەدا پێک بهێنرێ، بەڵام دادائیزم داوای بەتەواوی تێکدانی کەرەسەکانی زبان دەکا. دەیەوێ شێوەکەی بەتەواوی خۆبەخۆ و بێ هەڵبژاردن بێ. بۆیە تیورییەکەی لەسەر بنیاتێکی دژبەیەک دادەندرێ. لەلایەکەوە دەیەوێ مەبەستی خۆی بگەیێنێتە خوێنەر و لە لایەکیترەوە دەیەوێ هەموو کەرەسەکانی راگەیاندن تێک بشکێنێ. "ژان پۆلان" رەخنەگری فەرانسەوی ئەم بەشە لە رووناکبیران (رۆمانتیکەکان، سیمبۆلیستەکان و سورریالیستەکان) بە ترۆریست دادەنێ. دەڵێ ئەمانە لەگەڵ هەموو جۆرە کولتورێک دژایەتی دەکەن. بەردەوام بوونی شێوەی ئەمانە یانێ لەنێوبردنی هەموو شتێک و لە ئاکامدا بێدەنگی تەواو. ئەمەش یانێ خۆکوژی فکری و سورریالیستەکان لەبەر ئەوە کە ئەم خۆکوژییە نەکەن، خۆیان فریو دەدەن. بۆیە بەرهەمەکانیان وشک، بەرتەسک



و خۆپەرستانەیە. نووسراوەیەک کە بە شێوەی خۆجۆش نووسرابێ زۆر بێ گیانتر و تەنگەبەرترە لە نووسراوەیەک کە بیری لێی کرابێتەوە و شێوازی جوانکاری تێیدا بەکار برابێ. گرنگی ئەم شێوازانە لە بەرهەمە نوێیەکاندا لانی کەم ئەو راستییەی .خستە رووی کە لەکۆتایی

پیکاسۆ کوبیزم

جوولانەوەکەیدا سیمبۆلیسم لە بن بەستێکدا گیری خواردبوو و پێوەندی لەگەڵ ژیانی سەردەمدا نەمابوو. ئەم بێ سەروبەرەییە کە ئەوان بە شێوازی خۆیان دەیکەن لە راستیدا سەرتاپای چۆنیەتی بوونی مرۆڤ دەخاتە پرسیارەوە. وەک لە بەیانێکیاندا هاتووە " سەرتاپای کردەوەی مرۆڤ ئەگەر بایخێکی هەتاهەتایی پێی بدرێ شتێکی بێ بایخ و بێخۆ دەبێ.
قسەزانانی وەکوو ئاندرە ژید، پۆل والری، الیوت و دواتر ریلکە سەرەرای خزمهایەتییەک کە لەگەڵ سورریالیسم هەیانە، رێ و شوێنی سیمبۆکیستی درێژە پێدەدەن. ئەمانە نوێنەرانی هونەری دژوار و زەریفن و باوەڕیان بە "جادووی کەلام" هەیە و شێعرەکانیان بە پێ هیانی زبان و ئەدەب و سوننەتە ئەدەبییەکانە. کتێبی "ئۆلیس"ی جۆیس و "سەرزەوینی بێ بەر"ی ئلیۆت هاوکات لەساڵی ١٩٢٢دا بڵاو دەبنەوە و دوو ئاهەنگی تازە لە مەیدانی ئەدەبدا ساز دەکەن.
یەکێک بەرەو ئێکسپێرسیونیست و سورریالیستییە و ئەوی دیکە بەرەو سێمبۆلحسم و فۆرمالیسم، بەڵام شێوەی بەرەوڕووبوونی عەقڵانی لە هەردوکیاندا هەیە. ئەمانە نوێنەری رەوتی شێوەگرا و شێوە شکێنن. بۆ یەکەمجارە کە ئەو دوو شتە دژ بەیەکە لەپاڵ یەکدا دەبیندرێن. مرۆڤ هەست دەکا لەباتی دوو شێوەی جیاواز لەگەڵ یەک شێوە بەرەوڕوویە کە درزێکی تێکەوتووە.
پیکاسۆ کە لەناکاو لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکیتر باز دەدا نوێنەری راستەقینەی ئەم سەدەیە. بەڵام ئەگەر بڵێین کە ئەو شتەکان تێکەڵ دەکا، یا خۆ وەستای پینەکارییە و بیرکەینەوە کە تەنیا دەیەوێ نیشان بدا کە بەسەر ئەو رێسە هونەرییانەدا زاڵە کە بە دژیان راوەستاوە، مافی خۆیمان نەداوە. تێکەڵاوکردن لای پیکاسۆ باسی تێکدانی ژیرانەی یەکپارچەیی کەسایەتییە.
لاساییکردنەوەکانی، رەخنەیەکە دژی رەسەنایەتی. گۆڕانێک کە ئەو لە بێچمەکاندا دەیکا- راستییەک کە بەردەوام خۆی تازە دەکاتەوە هەتا بە هەڵکەوت بوون و هەڵبژێراوبوونی وێنەکان نیشان بدا- بەو مەبەستەیە کە پێ لەسەر ئەم بۆچوونە داگرێ کە "هونەر و سروشت دوو دیاردەی بە تەواوی جیاوازن" ئەو بە دژایەتی کردنی رۆمانتیکەکان و لووتبەرزی و خۆپەرستییان، خۆی کرد بە کەڵەکچی، سێحرباز و گەوج بێژ. ئەو نە تەنیا رۆمانتیسم بەڵکوو رۆنێسانسیشی فڕێدا.
ئەو نوێنەری جوێبوونەوەی تەواو لە تاکگرایی و زەینگراییە. پیکاسۆ بە بێ جیاوازی کەڵک وەرگرتن لە شێوە
جۆراوجۆرەکانی هونەری و داب و نەریتە هونەرییەکان هەر بەو دابڕاویەوە دەخاتە مەترسییەوە کە سورریالیستەکان لە رێگای فرێدانی بێچمە سوننەتییەکانەوە دەیکەن.#####



پیکاسۆ . تابلۆی شەڕی گرنیکا

سەدەی تازە پڕە لەم دژلەگەڵە قووڵانە. یەکگرتوویی روانگەی ژیان ئەوەندە بەتوندی دەکەوێتە مەترسییەوە کە لێکهاڵانەوە دەبێتە مایەی سەرەکی و بابەت بۆ خودی هونەر. سورریالیسم کە بە قەولی ئاندرە برێتۆن تەنیا مەبەستی چۆنیەتی زبان و بەیانی شاعێرانە بوو ئێستا پووچ بوونی تەواوی بوونی مرۆڤ دەکاتە بابەتی خۆی. دادائیسم خەریک گەڕانەوە بۆ رۆمانتیسمی رۆسۆییە لە توندترین شێوەدا. یانێ ئەوان هێشتا دەیانەوێ نابەجێ بکەنە بەجێ و لە هەست و بیری خۆبەخۆیی سیستەم پێک بێنن. دەبێ فرۆید ئاگای لەم فریودانەی سوریالیستەکان بووبێ، کاتێک لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ "سالوادۆردالی"دا پێی گوتووە"ئەوەی لە هونەرەکەی تۆدا بۆ من سەرنج راکێشە، نائاگایی نییە بەڵکوو ئاگاییەکەیە" ئاخۆ فرۆید بەم وتەیە نەیویستووە بڵێ " شێت بازییە رواڵەتییەکانت بۆ من سەیر نییە، سەیر بۆ من شێوەی خۆ نواندنەکەتە."######



سالوادۆر دالی (شەڕ)

بێگومان دووالیسم"ی بوون وایەکی تازە نییە. ئێمە بە هۆی فەلسەفەی بێکولاس و جوردانۆ برۆنو"ەوە لەگەڵ "دژ لەگەڵەکان" بەباشی ئاشناین، بەڵام جیاوازی دووالیسم (دوولایەنەیی) و دوورەنگی بەو داو و دانەوە کە لە پشتییەوەیە هیچ کات بەم توندیە ئازمون و دەرک نەکرابوو. بەرەوڕووبوون و کۆی دژبەیەکەکان کە لە کارەکانی "سالوادۆر دالی"دا هەیە، (هەرکام لە شتەکان بە وەسواسێکی زۆرەوە ریالیستین، بەڵام لە کۆدا دنیایەکی خەیاڵێ ساز دەکەن) لەگەڵ تئاتری دەورەی ئەلیزابت و شێعری غەزەڵ بێژی لاهوتی سەدەی حەڤدەدا هاودەنگە. بەڵام لە شێوەی کافکا و جۆیس دا- کە لەوێ دەقێکی بێ رازانەوە و زۆرجار بێ بایخ لەگەڵ بیری ناسک و روون تێکەڵاو بووە- ئەم دیاردە نابیندرێ. لە بەرهەمەکانی ئەمانەدا بابەتی سەرەکی پوچی و بێمانایی ژیانە کە هەرچی وێنە خەیاڵییەکانی لە راستییەوە نزیکتر بێ سەرسوڕهێنەرتر و راچڵەکێنەرتر خۆی دەنوێنێ. مەکینەی خەیاتی و چەترێک کە لەسەر تەتەشۆرێک دانراوە، کەلاکی کەرێک کە لەسەر پیانۆیەکە، کلیشی ژنێک کە وەکوو دۆڵابە دەکرێتەوە و بە کورتی لەم پێکەوە دانراوانەدا زۆر بە توندی ئاماژە بە نەبوونی هاوئاهەنگی و رێکوپێکی دەکرێ و دەیانەوێ کۆمەڵێکی هاوپەرا پێک بێنن کە هیوای مرۆڤە. ئاواتی چێکردنی

ئازمونی پێکەوە بوونی دژ و ناکۆکەکان. هونەر بۆ گەیشتن بەم ئاواتە لە ئەزموونێکی دژوار تێدەپەڕێ. لە دنیایەکدا کە هەر شتێک گرینگییەکی هەیە و هەموو گرینگییەکانیش بە یەک ئەندازەن، مرۆڤ سەروەری خۆی لەدەست دەدا و دەروونناسییەکەی بایخی نامێنێ. قەیرانی رۆمانە دەروونناسییەکان دیارترین دیاردەی ئەم دەورەیە. بەرهەمەکانی کافکا و جۆیس ئیتر رۆمانی دەروونی بە مانای سەدەی نۆزدە نین. لە بەرهەمەکانی کافکادا میتۆلۆژی جێگای دەروونناسی دەگرێتەوە و لە جۆیسدا گەلاڵە چیرۆک و پاڵەوان نامێنێ و زەمان و مەکان و شێوەی پێکەوە گرێدان وەکوو هونەری فیلم بە تێگەییشتنێکی تازە لە زەمان نزیک دەبێتەوە. ئەم مانا تازەیەی زەمان کە لە بنەڕەتدا هاوکاتییە و ناوەرۆکی گرێدراو بە مەکانەوەیە، لە هیچ هۆنەرێکدا وەکوو ئەم هونەرە نوێیە، یانێ فیلم، خۆی نانوێنێ. مێژووەکەی بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە فەلسەفەی "زەمان"ی بێرگسۆن هاتە گۆڕێ. ئەم مانا نوێیەی زەمان کە پێوەندە بە شێوەی فەننی و تایبەتییەکانی ئەوەندە تەواوە کە مرۆڤ مەیلی هەیە بڵێ کە شێوە و چۆنیەتی فیلم رەسەنترین – نەک پڕ بارترین- جۆری هۆنەری سەردەمە.

هۆنەری شانۆ لە زۆر لایەنەوە وەکوو فیلمە، بە تایبەت لەڕووی تەرکیبی زەمان و مەکانەوە. ئەو شتەی کە لە شانۆدا روو دەدا تا رادەیەک زەمانی و تا رادەیەک مەکانییە. بەڵام هەرگیز وەکوو فیلم تێکەڵاوێک لە زەمان و مەکان نییە کە تەنیا جیاوازی نێوان فیلمو هونەرەکانی دیکەیە. لە دنیای توسویرەکانی فیلمدا سنووری نێوان زەمان و مەکان خزێنەرە. مەکان چۆنیەتییەکی زەمانی هەیە و زەمان تا رادەیەک خەسڵەتی مەکانی هەیە. لە هۆنەرەبێچمییەکانیشدا هەر وەکوو شانۆ، مەکان بە شێوەیەکی نەگۆڕ و بێ جووڵە دەمێنێتەوە. ئامانج رێچکەی نییە و ئێمە بە ئازادی تێیدا دەگەڕێین. چوونکە بەش بەشەکانی هاوپەران و هیچیان لەباری زەمانییەوە گرێدراوی یەکتر نین. لە پروسەیەکدا لەدووی یەکتر ناکەون.

لەلایەکی دیکەوە زەمان لە رۆمان و جیرۆک و بەتایبەت لە شانۆدا بەرەو شوێنێکی دیاریکراو دەڕوا و پێشەوەچوونێکی تایبەتی و ئامانجێکی دیار و جیا لە هەست و ئازموونی بینەری هەیە. لە نەزم وتەرتیبێکی تایبەتی پەێرەوی دەکا، بەڵام چۆنیەتی و ئەرکی زەمان و مەکان لە فیلمدا بەتەواوی دەگۆڕدرێ. زەمان لەختی و بێکردەوە بوونی خۆی وەلا دەنێ و بەگەڕ دەکەوێ. ناتوانین بڵێین لە پێش جاومان دێتە بوون، شتێکی گەڕۆک، بێ بن و ناتەواوە بە مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەوە. بەشە جیاجیاکانی بایەخی یەکسانیان نییە و هەندێکیان بەستراون بە ئازموونی ئێمەوە لە مەکان. بۆ نموونە: کەڵکوەرگرتن لە "وێنەی نزیک" نەتەنیا کێس تەرکیبی مەکانییە بەڵکوو قۆناخێکی زەمانی فیلمەکەیە کە دەبێ پێی بگا یان لێی تێپەڕێ. لە فیلمە بەنرخەکاندائەم وێنە نزیکانە بە هەوەس دانانرێ بەڵکوو ئەوکاتە کەڵکی لێی وەردەگرن کە ئیمکانی خۆپیشاندانی هەبێ، چوونکە وێنەی نزیک وێنەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو بەشێک لە تەسویرێکی دیکەیە و کاری وەکوو بەرجەستەکاری لە شێوەی بارۆک دایە. خەسڵەتی مەکانی لە تەسویرەکەدایە، بەڵام چوونکە زەمان و مەکان پەیوەندییەکی دەروونییان لە فیلمدا هەیە و جێگای یەکتر دەگرنەوە، ئازادییەک لە رەوتی پێسەوە چوونەکەدا پەیدا دەبێ. ئێمە لە زەمانی فیلمدا بەشێوەیەک دەڕوین کە بۆ شێوەی دەست نیشانکردنی مەکان بەکار دێ. یانێ لە هەڵبژاردنی شوێنێ خۆماندا ئازادین کە لە قۆناخێکەوە بچینە ئەوی دیکە. راست وەک ئەوەیە کەسێک لە ژوورێکەوە بچێتە أووریکی دیکە. بەم جۆرە زەمان لە لایەکەوە یەکگرتوویی و پەیوەست بوونی خۆی لەدەست دەدا و لە لایەکی دیکەوە نەگۆڕبوونی رێچکەی پێسەوەچوونی دەگۆڕدرێ. دەکرێ رایگرین.(وەکوو وێنەی فۆتۆ) دەکرێ بەرئاوەژووی کەینەوە (وەکوو "فلاش بەک" گەڕانەوە بۆ دوواوە) دەکرێ دووپاتی بکەینەوە. (وەکوو گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان) دەکرێ لێی

پێش کەوین و بچینە داهاتوو (وەکوو خەیاڵەکان) دەکرێ رووداوە هاوتەریبەکان بەدووی یەکدا و پێکەوە پیشان بدرێ. ئەو رووداوانەی کە هاوکات نین لە یەک کاتدا نیشان بدرێن. ئەم مانایە لە ئازموونی دراماتیکی زەمان لە سینەمادا، سروشتێکی بەتەواوی زەینی و نایاسایی هەیە. زەمانی راستەقینە هەموو کاتێک بەرەو پێشەوە دەڕوا. نابڕدرێ، ئاهەنگەکەی ناگۆڕدرێ و رووداوەکان وەکوو لە دووی یەکتر زنجیرکراون. راستە زەمانی دراماتێکی لەگەڵ زەمانی راستیدا هیچ کات یەک نین، بەڵام یەکگرتوویی زەمان، کە کلاسیکەکان رەچاوکردنیان بە پێویست دەزانی، دەکرێ بە لەبەرچاونەگرتنی زەمانی دابنین، بەڵام هەرچۆنێک بێ پەیوەندی زەمانی لە شانۆدا سنوورێکی زیاتری لەگەڵ زەمانی ئاساییدا هەیە هەتا زەمان لە فیلمدا. لە شانۆدا، یان لانی کەم لە پەردەیەکدا یەکگرتوویی زەمان دەستی لێ نادرێ و وەکوو ژیانی ئاسایی دەڕواتە پێشێ و هیچ راگرتن و گەڕانەوە هەڵناگرێ. بەڵام لە فیلمدا تەنانەت هەڵسەنگاندنی کات بە توند و هێواش کردنەوەی خێرایی وێنەکان، یان کورت و درێژکردنەوەی بڕینەکان و کەڵکوەرگرتنی زیاد یان کەمی وێنەی نزیک، بە تەواوی جیاوازە لە شانۆ.
لۆژیکی تەرتیب و رێکخستنی دەروونی سێنی شانۆ رێگا نادا شانۆنووس قۆناخەکانی زەمان دووپات بکاتەوە. لەکاتێکدا ئەمە خۆی شێوەیەکی جوانناسییە کە زۆر جار لە فیلمدا کەڵکی لێی وەردەگیرێ. راستە لە شانۆدا بشێک لە چیرۆک وەکوو گێڕانەوەی رابردوو دەگوترێتەوە و رووداوەکان لە باری زامانییەوە لە ئێستاوە بۆ رابردوو دەگرێنەوە، بەڵام ئەمە بەتەواوی ناراستەوخۆ، بە شێوەی ئاماژە پێکردنی کورتە. شێوەی کاری شانۆ ڕێگا بە شانۆنووس نادا کە لە رەوتی چیرۆککەکەدا کە دەبێ بەرەوپێشەوە بچێ، بگەڕێتەوە و لە پەردەیەکدا کە راستەوخۆ زەمانی ئێستایە باسی کاتەکانی دواوە بکا. لەم ئاخرانەوە -رەنگە بە هۆی کارتێکەری فیلمەوە- یان بە هۆی مانای تازە لە زەمان، کە بە یارمەتی رۆمانی نوێ لەگەڵی ئاشناین، بەرە بەرە ئەو ئیزنەی پێی درابێ. کەچی لە فیلمدا بە بێ هیچ گیروگرفتێک ئیمکانی پاش و پێش کردنی زەمان، یان دانانی رووداوی جیا جیا، یان بڕینی دیمەنێک بە بەشە جۆربەجۆرەکان، کە هەموویان ئەرکیان تین و تاو پێکهێنانە، هەر لە سەرەتاوە هەبووە.
زەمان ئەوکاتە لە فیلمدا جێگای مەکان دەگرێتەوە کە گەڵاڵەی جۆربەجۆر هاوکات بچنە پێشەوە. هاوکاتی رووداوە جیاجیاکان کە لە شوێنی جیاواز دان ئەو جاوەڕوانی و دڵەودواییەیە کە لە نێوان زەمان و مەکاندا سەرگەردانە. ئەم دووبەرەیی بوونەی زەمان تایبەتی راستەقینەی ئەو تەسویرەیە کە فیلم لە جیهانی پیشان دەدا.
ئەم هاوکات بوونەی رووداوەکان هەر لەسەرەتای هونەری فیلمەوە بەکارهاتووە. لەپێشدا بە نیشاندانی کاتژمێری یەکسان یان بە ئیشارەت دەگوترا. دوواتر بوو بە مونتاژی هاوتەریب. دوو رووداو هاوکات و جیالەیەک دەچنە پێشەوە و لە جێگایەک بەیەک دەگەن. ئەم شێوە داهێنانی "دەیوید گریفیس" دەرهێنەری ئەمریکییە کە لە کاتی خۆیدا زۆر دەنگی داوە، ئێستا زۆر ئاسایی بووەتەوە.
ئازموونی زەمان لە سەردەمی ئێمەدا بریتییە لە هەستی ئاگابوون لەو چرکەیە کە خۆمانی تێیدا دەبینینەوە. یانێ ئاگابوون لە کاتی ئێستا. هەرشتێک کە پەیوەندی بە زەمانی ئێستاوە هەبێ، نرخێکی تایبەتی هەیە و چوونکە پڕە لەو ئەندیشەی –لە ئێستادا بوون- هاوسەنگی مانا و واتەیەکی تازە پەیدا دەکا. دنیای بیری ئینسانی ئەوڕۆ پێجراوەتەوە بە ئێستاوە. هەر بەو شێوە کە تایبەتی دنیای بیری سەدەکانی نێوەڕاست پێجرابوو بە ئەندیشەی کۆتایی دنیا و ئەو دنیاوە و پێناسەی دنیای رۆنێسانس چاوەڕوانی و داهاتوو بوو. ئەم ئینسانە نوێیە ڕاماو لە شکۆی شارەکان، داهێنانی زانست و فەن و دەوڵەمەندی ئەندیشە، وای لێدەکا قووڵایی دەروونی خۆی لە

پەیوەندی و رابیتەی دوو لایەنەی رەوتەکاندا ئازموون بکا. سەرنجڕاکێشی "هاوزەمانی" و ئەو تێگەییشتنە کە تاکە کەسێک لە کاتێکی زۆر کەمدا شتی چۆربەجۆر و پێکەوە ناساز سەری لێیدەدا و ئەو ئاگاییەشی هەیە کە کەسانێک لە جێگایەکی دوور لە یەکترەوە شتێکی وەک یەکیان بەسەر دێ. لە کۆتاییدا ئەم کۆمەڵە پڕ لە پیشەی جۆراوجۆر، مرۆڤی وا لێدەکا بەیارمەتی هونەری نوێ مانایەکی تازە بۆ زەمان بدۆزێتەوە.

ئەم بێ نەزمی و شێواوییەی کە رۆمانی نوێ بە توندی لە رۆمانی کۆن جوێ دەکاتەوە لەژێر کارتێکەری سینەماش دایە. لێکدابڕاوی دەستپێکی چیرۆک و شێوەی کردنەوەی راست شێوە گێڕانەوەی سینەمایە. سەرهەڵدانی لەناکاوی بیرەکان و خزێنەربوونی یاساکانی کات کە لە بەرهەمەکانی "پروست، جویس، دوس پاسوس و ویرجینیا وولف"دا دەبیندرێن ئەوانەن کە لە بڕین و سڕینەوە و لەنێواندانانی فیلمدا دەکرێ. کاتێک پروست دوو بەسەرهات کە سی ساڵ بەینیانە وەها پێکەوە دادەنێ کە پێت وایە دوو سەعات نێوانیانە، لە جادووی فیلم کەڵک وەردەگرێ.

شێوەیەک کە ئێستا و خەیاڵ و بیرکردنەوە لەسەرەوەی زەمان و مەکانەوە، دەست دەدەنە دەستی یەکترەوە. ئەمانە هەموو وەکوو ئەو تێکەڵاوییەی زەمان و مەکانە کە بنەمای فیلمە.

پروست تەمەنی پاڵەوانەکان و کاتی رووداو بە دروستی دیار ناکا. ئەو دەڵێ" ئازموونەکان دەتووانن لە هەر تەمەنێکدا پێنە پێسەوە. بۆ لاوێک وەکوو بەتەمەنێک. لەکاتی ئێستادا رابردوویەکت لەگەڵە کە پێت وایە هەر ئێستا بوو. منداڵییەکانمان هەموو کاتێک لەگەڵمانە" ئایا ئەمە سڕینەوەی زەمان نییە؟

بە بڕوای جویس زەمان رێگایەکی بێ سەروشوێنە کە مرۆڤ تێیدا دەسووڕێتەوە. ئەو لە گرێدانی زەمان بە مەکانەوە لە پروست یش پێش دەکەوێ و تەسویرەکان، بیرەکان، شەپۆلی مێشک و بیرەوەرییەکان لەپاڵ یەکتر دادەنێ و لا لە بنەماکانیان ناکاتەوە. زەمان و مەکان وەها پێکەوە جووت دەبن کە خوێنەر دەتوانێ لە هەر کوێیەوە بیەوێ دەست بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بکا.

ئەو تەنانەت کتێبەکەی لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی نەنووسیوە بەڵکوو بە شێوەی فیلم هەر بڕکەیەکی بە جیا نووسیوە و دوایە لەپاڵ یەکیانی داناوە.

ئەم شێوە "بێرگسۆن"یەی زەمان لە هەموو هونەرەکانی سەردەمی نوێدا بەدی دەکرێن.

فیلم بە لێکدانەوەیەک کە لە زەمانی دەکا، ئەم ئیمکانە پێک دێنێ کە ئەو ئازموونە دەروونییانە کە پێشتر لە شێوەی موزیکدا هەستی پێدەکرا لە شێوەی دیتندا خۆی بنوێنێ.

تایبەتییەکی دیکەی فیلم ئەوەیە کە هونەرێکی کۆمەڵییە. گرووپێک دەبێ کار بکەن هەتا بەرهەمێک دروست ببێت. ئەمە لە سەدەکانی نێوەڕاست بەم لاوە لە هونەردا نەبووە. شانۆ تا رادەیەک وایە بەڵام شانۆ ئیجراکردنی بەرهەمە نەک پێکهێنان.

لە دەورەیەکدا کە هەر شتێک دەسپێردرێ بە شارەزای خۆی و تاکە کەس بوونی لە رادە بەدەر سەری هەڵداوە و کۆمەڵ پڕە لە بیری دژ بەیەک، چۆن دەکرێ هاودەنگی بۆ هونەرێکی بە کۆمەڵ پێک بهێنرێ؟ هەر بۆیە زۆربەی لە فیلمەکان بێ مایەن. ئەوە کە هەموو شتێک بدەینە دەست یەک کەس بەناو دەرهێنەر کە بڕیاری لەسەر بدا، لادان لە دۆزینەوەی رێگایە، هەتا چارەسەرکردنی کێشەکە. چوونکە کۆسپێک لە رێگای گەشەکردنی ئەوانی دیکەدا پێک دێنێ کە هەر کام بۆ خۆیان هەنەرێک و هونەرمەندێکن. رەنگە مرۆڤ هێشتا نەگەیشتووەتە دەورانی هونەری رێکخراوەیی و پەیدابوونی فیلم نەک هونەرێکی تازە بەڵکوو درێژەی ئەو تاکەکەسییەی کۆنە کە مێژووی دوای سەدەکانی نێوەڕاستی پێی قەرزدارین. ئەگەر وا بێ با بیدەینە دەست یەک کەس.

قەیرانی فیلم لەگەڵ قەیرانێکی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندی هەیە. ملیۆنها ملیۆن کەس لە دنیادا هەموو رۆژێک، لە هۆلیوودەوە بگرە هەتا شانگهای و لە ستۆکهۆڵمەوە هەتا کیپ تاون دەچنە سالۆنەکانی سینەما. ئەم جەماوەرە بێ وێنەیە تەنیا خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە وەکوو بارساییەکی بێ شکڵ دەجنە ژووری و هەر بەو شێوە دێنەوە دەرێ و هەروەک جەماوەرێکی بێ ناسنامە گێژ و وڕ دەمێننەوە و تەنیا تایبەتییان ئەوەیە کە لە یەک چین و توێژ نین. ئەمانە ناکرێ پێیان بڵێ سینەمادۆستان، چوونکە بەشێکی زۆر کەمیان پشتیوانی ئەم هونەرەن. ڕا و بۆچوونیان وەک یەک نییە و ناکرێ بیکەین بە یەک. هەرکەس بە گەزی خۆی دەی پێوێ و دەکرێ بڵێی پەسن کردنی ئەم فیلمەش کە بووەتە هۆی ئەوە کە لە تەنیشتی یەکتر دانیشن تەنیا بە رێکەوتە و هیچیتر.
هونەردۆستانی یەکدەست و دایمی کە خۆبەخۆ دەبوونە هۆی بەردەوامی هونەرێک، ئەو جەماوەرە بورژوایە کە لە سەدەکانی پێشتردا تەلاری شانۆ و کۆنسێرتەکانیان پڕ دەکرد، کۆمەڵێکی تا رادەیەک یەک شکڵ بوون کە چ لەباری زەینی و چ لەباری زانستی هونەرەوە لە یەک ئاستدا بوون. بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ئەو شێوە تیاترە ئەم جەماوەرەش بڵاو بووەوە و لەباتی ئەوان جەماوەرێکی هەمە رەنگ پەیدا بوو کە گەرچی زۆرترن بەڵام ناڕێک و ناکۆکترن و دەبێ بەردەوام بە بابەت و شێوەی تازە سەرنجییان رابکێشی هەتا بیان هێنیتە نێو سالۆنی سینەماوە.
بۆ دیتنی شانۆیەک لە سالۆنی ئۆپێرای شاردا دەبێ جێگا رزرو بکەی، جلی تایبەتی لەبەر کەی و ... کە دوای نیوەڕۆیەک دەگرێ. بەڵام بۆ سینەما، بە هەر جلێکەوە و هەرکات پێت خۆشە دەڕۆی و کە تاقەتت نەما دیتە دەرێ. روانگەی ئاسایی و هەر رۆژەی فیلم لەگەڵ ئەم سینەمارۆیشتنە سادە و ئاسانەدا یەک دەگرێتەوە.
لە سەرەتای شارستانییەت بەملاوە فیلم یەکەم هەوڵدانە بۆ هۆنەری جەماوەری خەڵک. ئەو گۆڕانکارییانە کە لە تەرکیبی خوێنەرانی کتێب و لایەنگرانی شانۆدا رووی دا، لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پێ کرد. شانۆی خیابانی و رۆمان بۆ ژێرنووسی رۆژنامەکان سەرەتای هەمەگیربوونی هونەرە کە بە هونەری سینەماوە گەییشتە لووتکەی خۆی. گۆڕان لە شانۆی پادشاهییەوە بۆ شانۆی دەوڵەتی لە سالۆنەکانی شارەوانیدا و دوایە هاتنە مەیدانی کۆمپانیاکانی شانۆ، لە ئۆپێراوە بۆ ئۆپێرێت و ئاخری واریەتە، رەوتێک بوو کە بۆ قەرەبوو کردنەوەی خەرجی گرانی ئەم جۆرە هونەرە، بەسەر بەرهەمهێنەرانیدا سەپێندرا. شانۆکار و ئاکتەرەکان دەبوو لە شارێکەوە بچن بۆ شارێکی دیکە و خەڵک لە سالۆنەکاندا کۆ بکەنەوە. لەکاتێکدا بۆ دەرهێنانی خەرجی فیلمێک بەشداربوونی جەماوەرێکی زۆر لە هەموو دنیادا پێویست بوو. ئەمە دەسەڵاتی بینەرانی بەسەر چۆنیەتی سینەمادا سەپاند.
خەڵکی ئاتێن یان بینەرانی شانۆی سەدەکانی نێوەڕاست هیچ کات نەیانتوانی کارتێکەرییان لەسەر شێوەی هۆنەری شانۆەکە هەبێ، تەنیا ئەوکات کە وەکوو موشتەری هاتنە مەیدانەوە و نرخی سەرگەرمی خۆیانیان دا بە گیسەکانی سینەما توانییان لە بابەت ئەو پارە کە دەیدەن شتێکی تایبەت بە سەلێقەی خۆیانیان بوێ. ئەمە لە مێژووی هونەردا بوو بە دیاریکەری سەرەکی. هەموو کاتێک لە نێوان چۆنی هونەر و پەسندی جەماوەردا کێشەیەک هەبوو، بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کە ئەوان هەموو کاتێک دژی هونەری باش – ب قازانجی هونەری کەم مایە- بوون. ئاساییە کە تێگەییشتنی هونەری پێچەڵپێچ کارێکی هاسان نییە. ئەوان لایەنگری هونەری سادەن، بەڵام ئەمە نابێتە کۆسپێك لە رێگای قەبووڵکردنی ئەم هونەرەدا. گەرچی ئەم قەبووڵکردنە لەسەر بنەماکانی چۆنی جوانناسی هونەر بێ. سەرکەوتوویی فیلم بەتەواوی لە یاسای چۆنیەتییەکەی جودایە. خەڵک بۆ چاک و خراپی لەباری هونەرییەوە بایەخ دانانێن

بەڵکوو ئەو شتە سەرنجییان رادەکێشێ کە پەیوەندی بە ژیانیانەوە هەیە و خاترجەم یان پەرێشانیان دەکا. دیارە بۆ شتی هوەریش بایەخ دادەنێن بەو مەرجەی لەگەڵ بیر و بۆچوونیان بگونجێ و وەڵامی چاوەڕوانیەکانیان بداتەوە. شانسی سەرکەوتنی فیلمێکی باش هەموو کاتێک زیاترە لە شێعر یان رۆمان یان تابلۆیەکی باش. چوونکە ئەوانە لە رەوتی پێشەوەچوونی خۆیاندا بەرەو شێوەی نوێ، بوونەتە رەمزی و لە خەڵک دوور کەوتوونەتەوە. فیلم لە دەورانی لاوەتیدایە و هێشتا وای لێنەهاتووە، رەنگە لە داهاتوودا ئەویش ئەو بەڵایەی بەسەر بێ.

ئەم رەوتە لە مێژوودا بەم شێوەیە کە هونەرەکان لە پێشدا گرێدراوی هەلومەرجی کۆمەڵایەتین و هەر لەبەر ئەوەش پەیدا دەبن و گەشە دەکەن. بەڵام دواتر ئەو پەیوەندییە لەدەست دەدەن و جوانکاری دەبێتە رێنوێنیان. سینەما هێشتا نەگەیشتوەتە ئەو قۆناخە، بەڵام دەبینین کە بۆ راکێسانی بەرەی لاو کە لەگەڵ مێژووی سینەما گەورە نەبووە، تایبەتییەکانی خۆی وەلا دەنێ و زیاتر لە دووی سەلێقەی خەڵک دەکەوێ. سەلێقەیەک کە زۆرجار خۆی پێکی هێناوە و پەیوەندی بە داوخواز و پێویستییە راستەقینەکانی خەڵکەوە نییە.

ئەگەر سەرنجی چۆنی و شێوەی بەکاربردنی سینەما بکەین، هەر لە سەرەتاوە ئەم هونەرە بەرهەمی ماشین بووە و خۆی بە ماشینەوە بەستۆتەوە. ماشینیزمی سەدەی بیستەم هونەرێکی لەم شێوەیە پڕ بە پێستی بوو. یانێ بە رێکەوت نەبوو کە ئەم هونەرە لەم سەردەمەدا بەم بەربڵاوییە پەرەی ئەستاندووە. بەرەوپێشچوونی ماشین خولیای سیستەمەکانە، لە ئەمریکا و شەورەویدا وەکوو یەک دەیانەوێ دنیا بە نەزم و تەرتیبی ماشینییەوە بەرەو پێش بەرن.

پێسکەوتن لەوەدا دەبینن، گەرجی بە دوو ئایدۆلۆژی جیاوازەوە. مونتاژی دیالکتیک کە داهێنانی "ئایزنشتاین"ی رووسییە هەر ئەوەندە لە بڕینی زەمان و خێرایی و وێنەی نزیک کەڵک وەردەگرێ کە مونتاژی هاوتەریب و هاوڕێ "گریفیس"ی ئەمریکی بەکاری دێنێ. ئۆروپا لەبەر رابردووە مێژووییە تایبەتییەکەی تا رادەیەک دیمەنێکی لیبراڵی بە خۆیەوە گرتووە کە ئەویش بە پێی بازار سەر و خوار دەکا. لە هیچ کەلێنێکی مێژوودا هونەرێک نادۆزینەوە (بە تایبەت هونەر بۆ جەماوەر) کە توانیبێتی خۆی لە ئایدۆلۆژییە فەلسەفی و ئایینییەکان و داوخوازی دەسەڵات جیا بکاتەوە و بە ژیانی خۆی درێژە بدا. هەر هیچ نەبێ دەسەڵاتی ئەورۆی دنیا -بۆ سینەما- ئەو هەلومەرجە ئابورییەیە کە ژیانی کۆمەڵ و وردەپارەی گیرفانی بینەرانە کە ژیانی سینەما دابین دەکا.

هاوپەرا لەگەڵ هەموو ئەمانە، سەدەی بیستەم سەدەی بڵاوبوونەوە و زیادکردنی چینی ناوەنجی (وردەبورژوا) یە. بەرفراوان بوونەوەی ئیدارە و بازارەکان و بەشیخزمەتگوزاری لەلایەک، بەرەوپێشچوونی پیسەیی و ئۆتۆماتیکی کەرەسەی بەرهەمهێنان کە پێویستی کەمتری بە هێزی کرێکارە، بووەتە هۆی ئەوە کە بەشی هەرە زۆری جەماوەر لەم چینە ناوەنجییەدا جێ بگرێ. تایبەتی ئەم چینە ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی جێکەوتووی ئایدۆلۆژی نییە و بە رۆژ سەلێقە و بۆچوونی دەگۆڕدرێ. سینەماش رووی کردوەتە ئەم چینە کە بیرپەرێشانە، چوونکە ژیانەکەی بە هەل دەگۆڕدرێ. جووتێرێک بە دەیان ساڵ لە سەر زەوینەکەی کار دەکا و ژیانی جێکەوتووە. پێشەکارێک، بە دەیان ساڵ لەسەر پێشەکەی خۆیەتی، بەڵام کارمەندێکی ئیدارە بە دوو قسە دەتوانێ کارەکەی لەدەست بدا. بەرزمی و نزمی ئابووری دەتوانێ بە هەزاران دوکان دابخا و... ئەم جینە خۆی بە ئارەزوو و خەیاڵەوە سەرگەرم دەکا. ئەو شتەی کە دەزانێ ناتووانێ لە ژیانی راستەقینەدا روو بدا دەیەوێ لە فیلمدا ببینێ. ئەو پێی خۆشە لاسایی چینی سەرەوە بکاتەوە ئەوان پێیان وایە هەرکەس مێعماری بەختی خۆیەتی. ئەم رۆمانتیسیسمە کۆمەڵایەتییە کە کەسێک یەک شەوە دەبێتە ملیۆنێر و سنووری چینایەتی دەشکێنێ، تەنیا لە سەر پەردەی

سینەمادا روو دەدا و ئەم چینە ئەمەی پێ خۆشە و سینەماش ئەمەی دەداتێ. کەسێک کە ماڵی دزراوە کاتێک دەبینێ لە فیلمێکدا چەند دز گیر کەوتن یان کوژران دڵی سوکنایی دێ. "ویل هێلز" سێزاری سینەمای ئەمریکا لە ڕێنوێنییەکدا بۆ سینەما نووسیویەتی." ژیانی چینی دەوڵەمەند پیشان بدەن!" چاو خشاندنێک بە زنجیرەکانی تلەڤزیۆنی ئەوڕۆدا ئەو ڕاستییە دەردەخا کە ئەم ڕێنوێنییە رەچاو کراوە.
رەوتی مێژوو وادەکا کە هونەر نەتووانێ سنوورەکانی بە پێی خواستی جەماوەر تەنگ بکاتەوە، بەڵکوو هەتا دەتووانێ دەیەوێ ئەو سنوورە بەرفراوان بکاتەوە. تێگەییشتنی هونەر و چێژوەرگرتن لە هونەری باش تەنیا لە ڕێگای فێرکردنەوە دەست دەدا. ڕێگای پێشگرتن لە دەسەڵاتێکی پاوانخواز بەسەر هونەردا، سادەکردنەوەی هونەر نییە، بەڵکوو راهێنانی لێهاتوویی جوانناسییە. لابردنی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی کۆمپانیا گەورە سینەماییەکان و دەسەڵاتە سیاسییە و ردەزگا رۆشنبیرییەکان پەیوەندی بە پێکهاتنی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە. تەنیا کارێک کە دەتوانین بیکەین هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئەو هەلومەرجەیە. تەنانەت لە ڕێگای سینەماشەوە.